خەسرەو جاف:
ئەم خەڵاتە بە هەموو نووسەر و رۆشنفکرێک و هونەرمەندێکی ئەم کوردستانە بەخشراوە

دیمانە/ بۆتان جەلال

لەم چەند رۆژەی دواییدا لەلایەن یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی ئێراق ڕێز لە نووسەر و پەیکەرسازی ناوداری کوردستان (خەسرەو جاف) نرا، کە بریتی بوو لە خەلاتی «جەواهیری» شاعیری گەورەی عەرەب و ئێراق، شایانی باسە ئەم خەلاتە لە دوای رژێمی بەعس بە ئێراق دەدرێت بە لێهاتوویەکی ناودار و بەرهەمداری بواری وێژە و نووسین، ئەم خەلاتە 8 ساڵە هەیە بۆ یەکەمجار بە کوردێک ببەخشرێت، سەبارەت بەو خەڵاتکردنە و چەند پرس باسێکی دیکەی دنیای ئەدەب و هونەر لە نزیکەوە چاومان بە د. خەسرەو جاف کەوت ئەم چەند پرسیارەمان روو بە ڕوو کردەوە.

خەسرۆ جاف

• هەستت وەک نووسەرێکی کورد لەلایەن یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی ئێراقەوە خەلات دەکرێت؟

– ئەم خەڵاتە ڕاستە بە خودی خەسرەو جاف دراوە، بەڵام لە نێوان 30 ملیۆن ئێراقی بەمن ببەخشرێ، واتایەکی گەورەیە، ئەم خەڵاتە بە تەنها بە من نەدراوە، بە گەلی کورد دراوە، ئەم خەڵاتە بە هەموو نووسەر و ڕۆشنفکرێک و هونەرمەندێکی ئەم کوردستانە بەخشراوە، خۆم بە پردێک دەزانم کە میللەتەکەم بەسەریدا بپەڕێتەوە، من زیاتر بەوەش بەختەوەرم کە لە ناوەڕاست و باشووری ئێراق سەرەڕای ئەو هەموو کێشە سیاسی و ئابووریانەی هەیانە کەچی بیریان لەوە کردۆتەوە کە خەڵاتی خەڵکانی لێهاتوو بکەن و بیر لەوە دەکەنەوە کی شایانی خەڵاتە، ڕێزی لێدەنێن، چەند خۆشتر دەبوو کە لەلایەن حکوومەت و دەسەڵاتدارانی خۆمانەوە ئەم خەڵاتەم وەرگرتبایە، جا هیچ مەرج نییە من خەڵات بکرێم، گرنگ بیر لە خەڵاتکردنی ئەو لێهاتووانە بکرێتەوە کە ڕەنگە زۆریش لە خەسرەو جاف شایستەترن، من نازانم ئەمە کەی دەکەوینە ئەو بیر و فیکرە بە چاوی ڕێز و تەماشای داهێنەرەکانی خۆمان بکەین و تا لە ژیاندا ماون ڕێزیان لێبنرێت، من ئەوەندە دەڵێم لە هەر وڵاتێکدا ئەگەر ڕێز لە هونەرمەند و شاعیر و ڕۆشنفکرانی خۆی نەگیرێ و پێگەو جێگایان بە چاوێکی گەورە سەیر نەکرێ و کار و ئیشیان پێ ڕانەسپێردرێ، مەحاڵە ئەم میللەتە لە قۆناغێکەوە بچێتە قۆناغێکی دیکە، کە ئەمەش سونەتی ژیانە، میللەتانی دیکە بەو قۆناغەی ئێمە تێپەڕ بوون و ئەگەر لێزانیش نەبووبن، ئەوە پەنایان بۆ زانا و لێزانانی میللەتانی دیکە بردووە، لە دەرەوە پسپۆر و شارەزایان هێناوە و سوودیان لێوەرگرتوون، من پێم سەیرە ئەو هەموو بیر کردنەوە و دواخستنە بۆ سبەی یەعنی چی؟ کەچی ئەمڕۆ لە بیر بکەین، لە ناو میللەتانی زیندوو سبەی بوونی نییە، سبەی واتە ئەمڕۆ، ئەمەی سبەی بۆتە درم و پەتایەکی کوشندە و لە نێوانماندا بڵاوبۆتەوە و لە فکر و زکری زۆربەی زۆری دەسەڵاتدارانی ئێمە ڕەگی داکوتاوە، من دەپرسم ئاخۆ کاتی ئەوە نەهاتووە واز لە سبەینێ بهێنین و بیر لە ئەمڕۆ بکەینەوە؟

• تا ئێستا چەند کتێبتان خستۆتە کتێبخانەکانی کوردستان؟

– ئا ئەمڕۆ 55 ناونیشانی هەمە چەشنەم خستۆتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد، من کتێبی دائیرەی معاریف (ئینسکلۆپیدیای کوردی) کە 23 بەرگە زۆر حەزم لێبوو وبستم حکوومەت چاپی بکات، چونکە کارێکی نەتەوەییە، بەڵام کەس وەڵامی نەدامەوە، ئێستا بە هەر کۆڵەمەرگییەک بێ 8 بەرگیانی لێ چاپکراوە و ئەوانی تریش لە ئایندەدا ڕووناکی دەبینن، بەڵام داخەکەم بەو شێوەیە نابێ کە لە سیستەمی ناسراوی دائیرەی معاریفەکانی جیهانی بن لە ڕووی تەکنیکی و هونەرییەوە.

چەند جوان و خۆشە کاتێک میوان لە هەر وڵاتێک بێتە وڵاتەکەتەوە تۆ ئینسکلۆپیدیای وڵاتەکەتی بە دیاری پێشکەش بکەی و لەناو یەک بۆکسدا ئەم کتێبە بە نرخانەیان پێشکەش بکەیت، پێیان بڵێیت ئەمەش هی وڵاتی خۆمانە و خاوەن دائیرەی معاریفی خۆمانین.

من باس لە کتێبەکانی دیکە ناکەم ئەوە مولکی میللەتە، هەر وەختێ کتێبم چاپ کرد و نارەدم کتێبخانە، ئیدی دەبێتە مولکی میللەتەکەم.

ئەو برادەرانەی کە منیان بۆ ئەو خەڵاتە، واتە خەڵاتی جەواهیری هەڵبژاردووە تاک و تەرایان نەبێ ئەگینا زۆربەیان ناناسم، زۆریش سوور بوون لەسەر ئەوەی بچمە بەغدا لەوێ خەڵاتەکەم پێبدەن، من قبوڵم نەکرد، ناچارم کردن بێهنە شاری کەرکووک لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا خەڵاتەکەیان پێم بەخشی، بەداخەوە بەو شێوەیەی کە دەبوایە بکرێ لێپرسراوانی ئەو شارە بە هیچ شێوەیەک هاوکارییان نەکردم، جگە لە خەڵکەکە نەبێ، ئەو خەڵکە ئەو خەڵاتەیان بە ئیمتیازێک زانی بۆ شاری کەرکووک لەبەر ئەوەی من سەدان شار و وڵاتانی دنیا نەگەڕابێ، سەدان پەیوەندی نێر و مێی نەبووبێ، جگە لە خوێندنەوەی هەزاران کتێب و ڕۆمانی جیهانی، من پێم وانییە نووسەرێک لە گەڕەکێک ببێتە ڕۆماننووسێکی باش، ڕۆماننووسی بگەیەنە حاڵەتێک بگوترێ دیاردەی ڕۆمانی باشمان هەیە، یاخود بگەینە ئاستی ڕۆماننووسەکانی جیهان، ئەوانەی شارەزایی و ناوداریەکی زۆریان وەرگرتووە.

ڕۆمان بەرزترین و پایەدارترین جۆری ڕۆشنبیری پێویستە، هەر کەسێ لە هەر جۆرە مەعریفەتێکدا شتێ نەزانێ، سەختە بتوانی ڕۆمانی نایاب بنووسێت، ئەم گەنجانەی ئێمە کە ڕۆمان نایاب بنووسێت، ئەم گەنجانەی ئێمە کە ڕۆمان دەنووسن دەیانەوێ دنیا ببینن، بەڵام دنیا بینین تەنیا بە وان ناکرێ، خوێندنەوە شتێکە، واقیع شتێکی دیکەیە، من بە ڕاشکاوی دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە بایەخ بە نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنفکرانمان بدرێت، لە بۆنەکاندا کورسییەک لە پێشەوە بۆ هونەرمەند و نووسەران دابنێن و پرس و ڕایان وەربگرن و متمانەی زیاتریان پێبکەن.

• پرۆژەکانی ئایندەتان؟

– ئێستا خەریکی کاری پەیکەرسازیم، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو (میمۆمێنتی شەهیدان)م ڕادەستی حکوومەت کرد و کۆتایم بەو پرۆژە گرنگە هێنا کە 6 ساڵە وەک کۆیلەیەک کارم تیاکرد، جگە لە چەند پرۆژەیەکی پەیکەرسازی، خەریکی نووسینی ڕۆمانێکم تەواوی قارەمانەکانی ئەرواحن، واتە لە (بایەلۆژی)یەوە بەرەو دنیای ئەرواح دەچم، دەمەوێ لە بواری پەیکەرسازیدا قەبارە و شکڵ و قەد و قامەتی خۆم لەم دنیایەدا بخەمە بەردەستی میللەتەکەم، من تێناگەم لە وڵاتی ئێمەدا بۆ هێندە لە پەیکەر تۆقیون، ئەگەر لەبەر مەسائیلی ئایینی بێتن خۆ ئیسلام لە وڵاتە عەرەبەکانەوە گەیشۆتە لای ئێمە، باشە لە چ پایەختی وڵاتێکی عەرەبی و لەسەر چ شەقام و گۆڕەپانێکی و هەر شارێکی تۆ دەتەوێ پەیکەری پیاوانی مێژووی و سیاسەتمەدار و شاعیران و داهێنەرانی خۆیانیان دانـــاوە، ئـــەی بـۆچـی لای ئێمە پەیکەردانان تەحەفوزاتی لەسەرە؟

بۆچی ئێمە پیاوانی مێژووی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەرمەند و زانـا و ڕۆشنفکرانمان نییە تا پەیکەریان بۆ دروست بکەین و بە خەڵکی خۆمان و میوانانی ئاشنا بکەین.

پێموایە ئەرکێکی گەورەی کابینەی 7ەمی حکوومەتی کوردستان ئەوەیە بە جیدی لە بواری ڕۆشنبیری و هونەری بیر بکاتەوە، من وەک نووسەرێکی ئەم کوردستانە داوا لە حکوومەتی ئایندە دەکەم بە چاوێکی واقیعیانە هەڵسەنگاندن بکات بۆ ئەو جۆرە کارە داهێنەرانەی کە تا ئێستا نەکراون...

خەلاتی ڕێزلێنان کە بەخشراوەتە نوسەر خەسرۆ جاف

بروانامەی ڕێزلێنان کە بەخشراوەتە نوسەر خەسرۆ جاف

کاتژمێری ئیستیقبالی جەواهری کە بەخشراوەتە نوسەر خەسرۆ جاف

فاتیمەخان

ئەحمەد لەتیف خورشید

پایتەختی میری سۆران کاولۆکان شاری خاپوور و وێران کراو لە ئاکامی جەنگی دووەمی جیهانی کەس لەناو شارە خاپوورەکەدا نەمابوون، هەموویان بە تێکڕا لە ترسی ئەم جەنگە نەگیرسە هەڵاتبوون بۆ چیا سەرکەشەکان، ئێستاش ئەو شارە بەو ناوونابانگی دەرکردووە لە ئاکامی شەڕەکەدا سوپای شۆڕەوی وێرانی کردبوو، ئیدی کەس نەیدەتوانی بگەڕێتەوە ناو شار، پاشکشانەوەی سوپا لەناو شار بۆنی خوێن دەهات.

ئێستاش کەلاوەی ئەو شارە کەوتوونە ناو مێژوویەکی دێرین مام خورشید و ئامینەخان لەگەڵ کۆڕپە فاتیمەخان هەڵاتبوونە کێوە سەرکەشەکان و ئەشکەوتەکان بۆ خۆپاراستن لەو جەنگە کوشندە نەگریسەدا ئای دەستەکانت نەڕزی ئامینەخان، فاتیمەخانت گۆش کرد چۆن ژیانی ئەو کۆڕپەیەت پاراست نەتهێشت ببێتە کۆیزە خاڵ و خۆڵەمێش سەدان خەڵک بوونە کۆچی قوربانی مردن تەنها فاتیمەخان نەبێت کە لەم جەنگەدا لە مردن ڕزگاری بوو، برسیەتی و قات و قڕی نەخۆشی کوشندەش بەرپا بوو بە تایبەتی نەخۆشی ڕشانەوە و زگچوون، ئەوانەی کە لە ترسان مابوونەوە لەئەشکەوتەکان تووشی نەخۆشی دەروونی شێت بوون پاش بەجێهێشتنی سوپای شۆڕەوی مردەمەی شاری کاولەکان پەیتا پەیتا دەگەڕانەوە ناو شار، مام خورشید یەکجار زۆر بە پەرۆشی فاتیمەخانبوو، چونکە یەکجار خۆشیدەویست، کاتێک چاوی پێکدەکەوێت بە پەرۆشەوە بوو، چونکە ئامینەخان لەگەڵ کۆڕپەی خۆی ئامانج بە شیری مەمی خۆی کۆش دەکرد، تەمەنی فاتیمەخان تەنها شەش مانگان دەبوو، ئامینەخان فاتیمەی ڕزگار کرد لە مردن، دەگ دەستەکانت نەڕزێت ئەی دایکی مرۆڤایەتی ئامانج و فاتیمەخان بە دەستەکانی بەشیرە پیرۆزەکەی هەردووکیان بوونە برای لەشیری مەمک نەختێک تەمەنیان هەراش بوون ئیدی پێکەوە گاگۆڵەیان دەکرد، دەتگوت فریشتەنە لە ناو ئەشکەوتەکان دەکەوتنە یاری کردن، بەتایبەتی مام خورشید ئەوەندەی دیکەی فاتیمەخانی خۆشدەویست، ئارامی پێوە دەهاتەوە، لە خەنی و خۆشیان شاگەشکە دەبوو، پاش ئەوەی جەنگە نەگریسەکە کۆتایی هاتبو، مەردەم گەڕابوونەوە ناو شاری کاوڵ و خاپوور و وێرانکراو لە ئەشکەوتەکە هەر کەسێک کاوڵگای خانووبەرەی وێرانکاری خۆی بوو ئاوەدانی دەکردەوە، بەتایبەتی کەس نەمابوو ئەوانەی کوژرابوون تەنها ئـەوانـەی ڕۆیشـتـبـوون بـۆ ئەشکەوت توانیان ژیانی خۆیان بپارێزن لەو شەڕە نەگریسەدا، کاولەکان ناوی ڕەواندوزی کۆنە، پێشان ڕەواندوزی سەرەوە هەمووی باخچەی هەنار و سێو و میوەجات بوو، کاولەکان پایتەختی پاشـای گەورەیە، فاتیمەخان لە ژێر دەستی ئامینەکان گەورە بـوو، مـام خورشید گەلێک شـانـازی بە فاتیمەخانی دەکرد، حەزی دەکرد کە وا لە خزمی نزیکی خۆی مارەی بکات و مارەی بکات، گەلێک بەڕێز و مرۆڤێکی شایستەوە شیاو بوو، مەردەم یەکجار ڕێزی دەگرت، زریانی خوشکی ئامانج بە چەند ساڵێک لە تەمەنی فاتیمەخان گەورەتر بوو، بۆیە پێیان دەگـوت زریـان، چونکە بە منداڵی یەکجار زۆر دەگریا، مام خورشید زۆر زراوی لـە گـریـان دەڕژا، دەیـگـوت ئەو گریانەش ڕۆژێک دادێ تووشی وەیشوومە ئـەو جەنگە نەگریسە کـردیـن، یـاوەر و وریـا بـرای زریـان بـوون، هەموو پێکەوە لە ناو ئەشکەوتەکەدا دەژیانن بەڵام پاش گەڕانەوەیان یاوەر و وریا بە نەخۆشیەکی کوشندە گیانیان لە دەستدا، ئەو هەندەی پێنەچوو ئامینەخانیش کۆچی دوای کرد، بە خاکی پیرۆزی ئەو شوێنە کە لێی لە دایک بوو، بەو پەڕی ڕێزەوە لە تەنیشت یاوەر و وریای کوڕی نێژرا.

دوا نامە

((بۆ زەینەب خانی هاوسەرم کە لە ڕۆژی 18 /1/ 2012 سەفەری کۆتایی ژیانی کردو جێی هێشتم))

هێشتا زووبوو بە تەنیا جێمت هێشت
تڕووسکەی ڕووناکیت لە مااڵم نەهێشت
بێ تۆ چۆن بژیم لەم دنیایە چ بکەم
فرمێسکی منداڵەکانم بێ تۆ چی لێ بکەم
پاش تۆ ژیان منیشی دایە دەست مردن
منی ڕاسپاردە دەریای گریەی بێ بن
چاوت بۆ دوا جار بکەوەو سەیرێکمان بکە
حەسرەتی کۆچت لە دڵمان خامۆش کە
پەپوولەیەک بووی لە گۆڕستانێکی چۆڵ وون بووی
گوڵێکی بەهاربووی لەو خاکوخۆڵە سیس بووی
بە تەنیایی ڕێی سەفەری کۆتاییت گرتە بەر
منیش لە دووریی تۆ ڕۆژی سەد جار ڕوحم دێتە دەر

شێرزاد سەربەست هەورامی